

# ژیان
# بەشی دوو مرۆڤ
# ناکات

موئمین زەڵمی

- ناوی کتێب: ژیان بەشی دوومرۆڤ ناکات
- نوسەر: موئمین زەڵمی
- جۆر: شیعر
- بەرگ: کاروان عبداللە
- دیزاینی ناوەوە: ئارام شوانی
- ساڵی بلاوکردنەوە: ٢٠٠٨

**پێشکەشە بە:**

**- دایکم .. لە بری وەفای باوکیشم**

**- نازی دوور .. تەنیا و کۆتا ئەوین**

*خوێنەری بەڕێز ... ئەم کتێبەی بەردەستت کۆکراوەی بەشێک لە هۆنراوە نوسراوەکانە لە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە تا ساڵی ٢٠٠٨.*

# لەسەر بەرماڵ .. ڕازێك

له لوتكەی پێكەوه بوونماندا
دووجار وشەیەكم
دووجارەكی خۆشویستووه...
له پاداشتی بەندایەتیم لەگەڵ تۆدا
دووجار دووجارەكی وشەیەكم خۆشویستووه...
خۆت تێئەگەی
وشەیەكه سەر ڕاستره
له ڕازی من، وەك ڕازی تۆ...
بەخشندەیی فراوانە،
به ناوی تۆ...
بۆیەش ڕازی دڵەی شەیدام
لەسەر بەرماڵێكەوه ئەفڕێ
تاكو ڕەحمت بمگرێتەوه
پێش ئەو كاتەی دڵم ئەمرێ...

# دوعایەك گەورەتر لە بێشكەكەم
# لە گەورەترین شەوی ساڵدا

ترساوم لە شەو

خودایا...

ئەو شەوەی بۆنی گەورەیی تۆم پێنەكرا

خەم دایگرتووم،

خەمی دووری خودایا

دوورم لە سۆزی تۆ

بەزەییم بێ تۆ نەكرا...

چاوەڕوانی ڕەحمەتی تۆم

خاڵیم لە بیركردنەوە لە خۆم...

قازیم لە قەزاوەتی عیشق

پەنا بە تۆ...خودایا...

ببارێنە ڕەحمەتت بۆم

تاكو ڕۆح ماوە لە جەستەم

من دێوانەی قاپی تۆمو

گەر تۆم نەبی، بێ ناخودام

سۆز پچراوە... خودایا..

ئاه پڕكاوە...

قوڕ گیراوە...

دڵ بێ هەناسەت خنكاوە،

گەورەترن سۆز...

میهرەبانترین بەخشندە...

لەم شەوەدا ببیبارێنە،

چاوەڕوانی ڕەحمەتی تۆم...

# گوڵێکیتر لە یەخەمان لێکرایەوە

پارشێوت

بە خورمایەکی بەهەشتی کرد

بەربانگ لەگەڵ بەهەشتیەکان...

حەسرەتت لە ژیان داچۆڕاند

بە پەرداخێك لە مەحزونیش لێوی هەموومانت تەڕ کرد

پێش ڕۆشتنت...

گوڵێکی خۆشەویستی بووی

بۆنت بە یەخەماندا ئەپژاند...

بە ڕۆشتنت...

گوڵێکی بەهەشتیتوچاومان پڕ ئەکەی لە گریان...

# به دوای تۆدا

شنەبای ئەم سرودەیەم پێهەڵمەنێ...

شەوچراغی ئەم عیشقەیەم پێهەڵمەکە،

ئاودێری گوڵانی گوڵستانیشم پێمەکە...

نەبادا...!

ڕێیەك تەی بکرێ

نەبادا غەمێك بسرەوێ

بەهای ئەم ساتەم پێماوە، هاودەم...

بە دوای ناوێکدا وێڵم

لە ڕۆژ ئەچێو هەڵیش نایە،

لە مانگ ئەچێو ئاوا نابێ

لە دەلاقەی هەمانێکا

بۆی ئەگەڕێم

نایدۆزمەوە

ناوی بنێم خۆشەویستی،

کە وەنەوزی خەوێکم دا

تۆ ئەبینم

کە پارشێوێك وێڵ بۆت گەڕام

غەمت ئەخۆم

زویر مەبە...

چ زەمەنێك جوانترە لە دیدار؟

چی شۆڕشێك فراوانترە لەشەو؟

تا ناوی ژینت لێبنێم

تا بتکەمە هاوڕێی کۆچم

کۆچی دووری...

# بای...بای

بۆخۆم ئەڵێم، کەس ڕانەکا
شار وانیە،
کەس با هیوای خۆی وون نەکا
ژیین وانیە
کەس ئەفسونی خەمی نەڕژێ
با ڕزگاری شاباشی مێژووی گەلێك بێ
با تنۆکێك لە شەرمەزاری سارێژ بێ
ئەرێ هاوڕاز...
کە ئاوەدانیمان کردە ئەوینو
کە پرشنگی شەونمێکمان
ئاوێزانی بەهارێ کرد...
با ئەلوەدای حەقیقەتێ پێمان بڵێ
کەی...؟
چۆن...؟
لەکوێ..؟
بۆ...؟
بە دواتا وێڵ بین..
ئاخر ئەم زەریایە فراوانە..
ئەم هیوایە لای (ملك مقتدر) ێك ئەشنێتەوە،

ئامانی کۆتایی خۆی ئەکا...

(حی علی الفلاح) یێك بۆ ئێمە

ئەبێتە لوتکەی شاخێکی بەفرینو

کاروانێکی غروب ئامێزی ژووانو

بەدەستێکی بای...بای لە من ئەکا...

# نیمچە ڕازی نوێ دیدارێك...

ئەو ئانەی کە بڕیارماندا

ببینە پەلکە زێڕینەو

لایەکیش بەلای زامی وەتەن نەکەینەوە..

لە حوزوری پەڕەی گوڵا

ئەبینە زار شیرینو

تنۆکێك بە باڵای ئەویشدا هەڵئەدەین...

هەر خەرمەنە، وا سوتاوە...

هەر ساوایە، وا کوژراوە،

هەر شەوە بۆتە دەیجورو

گەرووی زامی هەڵگیراوە...

گریان،

ئەو ئەوینەی کە سەلماندی

ئەو ڕابکا..

ئەو بفەوتێ..

ئەویش لێرە

تکای تەمەنی هەڵڕێژێ...

ئێمەی کردە هەوێنی زاخاوی گەلێكو

چرپەیەکیشی کردە دیاری نوێ دیدارمان...

# هەناسەیەك بۆ ئاشتی ..
# كە دوورە لە نیگامانەوە

لە چاوەڕوانی چرپەی پێدا،

لە پەنجەرەی ڕوونی ڕێتا،

لە دەروازی ئاسوودەیی مزگێنیدا...

ووشەیەكە

ناوی پڕبە پێستی مێژووی لێوە ئەچكێ،

كۆڵانێكە

لە ئاوەدانی شارێكو

سیمایەكە

لە پاكیزەیی خوڕەی ئاوی سەر تاڤگەیەك...

دڵۆپ دڵۆپ

حەشاماتی ئەم سەرزەمینە ئاو ئەدا،

ئەوان لە قوڕاوی جەهلا كە نوقم بوون

ئەوان،

لە سەبایساڵحانی تەمەنێكا سەریانهەڵدا...

تا بڕواننە خۆر

تا ببینن ئەو جوانیەی

غروبەكان لا ئەداتو ڕووناكیەكان ئەورووژێنێ...

**تا بە چاوی لاچکاویان**

**فرمێسکی خەمین هەڵڕێژن**

**بۆ بەهەشتی چەوساوەکان...**

# دەنگی من،
# بۆ شیلەی چۆڕاوی دەم هەنگێ...

چاوەڕوانم، هیوا هەڵبێ...

ئازار بڕمێ،

گەلم بە کۆ شەپۆل بدا...

لە ئاسودەیی دڵەکان ڕابمێنێ،

با پێت بڵێم

وەك شەپۆلی ئۆقیانوسێ کەنار بگرە،

گەلم...

وا مانگەو لە نوستەچاوێکا دیارەو

پەنجەی ناوێ..

وا لەدەمی هەنگێکەوە ئەچۆڕێتو

شیلەو شیرینی ئەبەخشێ...

ئەیەوێ بیکاتە پەڕاو،

بیخاتە سەر لوتکە شاخێ..

تا جوانترین

نەخشەی ژینت بۆ بکێشێ..

لە دەروازەی گەورەبوونی ساوایەکدا،

لە پەنجەرەی بیری تیژی حاجی پیرا...
لە دەلاقەی چاوەڕوانی دایەی ژیینا...
ووشەیەکە،
( کۆمەڵ) ئارامی گەلێکە،
ئاسوودەیی ڕۆحەکانە،
هێور هێور، تەمەن درێژ لە دایك بوو...
لە فەرموودەی سەروەریدا ناونراوە،
تۆزێکە لە بنهەنگڵی تاشەبەردێك،
دڵۆپێکە لە ئاوی شەرمو پاکی مەتارەیەك...
تنۆك تنۆك گەرووی قەتیس پاراو ئەکا،
دایکی شەهید ئارام ئەکا..
ئەمیرێکیش لە زیندانا دڵخۆش ئەکا..
بۆیەش ئەبێ بە پەنجەیك بینەخشێنین...
پەنجەیەك بێ..
لە سیمایدا ئاسودەیی گەڵ نوێ بکا...

# زەنگێك، شادتر لە شادی...

گوزەرێکە هەموومان کۆ ئەکاتەوە
ناسنامەی شەومان لێئەنێ...
من بە دوای شین دا ویڵ ئەبم،
تۆ بە دوای ڕەش...
هەموومان چاوەڕێی حەسرەتین، تۆپزی...
کێ هەیە لە خۆشەویستی ڕاومان بنێ؟
هەمیشە تامەزرۆتم، ئازیز...
بیرت نەچێ!
ئەو ڕۆژانەم هەر لە یادە،
دەنکە ڕەشکانی ناختم دەر ئەکردو
ئەمخستنە ناو مەلاشوی ژیین...
ئەو کاتەی لە بن سێبەری دارتوویەکدا
بڕیاری شادیمان هەڵنا..
ئەوە تۆ بووی هەر ئەو کاتە
بیری منت بۆ خۆت دزی...
سێ دانە تووەکەت خواردو
من مامەوە، بێنازییەك دەمی خاڵی،
گەر سەد پلەش لە تۆ دوور بم

هەر دێمەوە،

بنمیچەکانی سوکنایی ئەدۆزمەوە

چاوێك بە دەریا،

برۆیەك بە پەلکە زێڕینە،

زەمەنێکیش لە سەنگەرێك

ئاسوودەیی ئەنەخشێنم...

چاوەڕێم بە...هەر دێمەوە...

# قەد نەهاتی...

چرپەیەك لەبەر دەرگای
ڕۆحی گوڵێ، خۆم هەڵشاخاند...
نەهاتە گۆ
ئەو ویژدانەی ئارام ئارام
وەك سنەوبەر بەرز ئەبێتو
بالآیەك بە قەد ووشەیەكی شەرمنەوە
بۆ ناخی خۆی هەڵئەنێ...
هەردەم، چاوەڕوانی...
مەڵۆیەك ئەخاتە سەر
خەرمانی هزرەكانو
سەحراییەك سەوزاییم
بۆ جێدێڵێ...
ئاااای سەوزایی...
چەند شیرینن
ئەو ساتانەی
لەگەڵ (ئەو)
ئەبینە میوانی
بن پەلكە زێڕینەكانت،

چەند غەمگینن ئەو ڕۆژانەی غەم لەسەر سنگی تۆ..

خەمێ گەورەتر لە خۆتو

گەورەتر لە

خۆشمان بۆ یەکتری هەڵئەڕێژن،

ئەو ساتانەی

تەنها خۆممو پارچەیەکیتر لە خۆم، نەك وەکو تۆ...

تۆیەك،

کە هەرگیزو قەد نەهاتی،

بە خۆمیتی خۆم ئەدوێنم...

# پێنج پەنجەرە

**(یەك)**

کە ژانێك بوویە بەژنە باڵاو
سەرپای باڵای ئەوی ڕاگرت،
کە مزگێنی
بوویە میوانی پەپولەو
بە چاوانی دڵخۆشی کرد..
سەرزەمینێ، ئاوەدانی پێئەبەخشرێ..
چەمێك لە چەقەڵان پاك ئەکرێو
دارستانیش بێ کابرای زاڵ بەرپێئەکرێ...
ئاااای مێژوو...
چۆن بتوانین ئەو شەوە پیرۆزە تۆمار کەین،
نازناوی خۆشی لێبنێین...؟
کە ئەبێتە مەزرای شادیو
بەهاری سەرپەلی جوانیو
فرمێسکی شادی ئەڕژێنێ
بەسەر ڕۆحی گوڵە ژاکاوەکانی تەمەناو
خوو بە پاکی خۆیەوە ئەگرێ...
کەس لێی نەگرێ!
ساوایەکی زۆر جوانکیلە لەدایك بوو،

خۆی لە هاوار داماڵیوەو
بە تەنیشتی ئازارەوە ڕابوێریٚ...
سڵاوێکیش ئاوێتەی خۆزگەمان ناکا
کە هاتەبوون،
گوندەکەیان، ساوایەکی بۆ زیاد کرا،
کە تاماوە شانازی بە باڵایەوە ئەکاو
شاباشی خۆشی ئەداتیٚ...
ئێستا کاتێکی جیاوازە،
لەشەشەوە دەست پێئەکا...
خۆی لە حەوتەم ڕۆژی بەهاری ئەبژێریٚ،
دڵنیابن،
هەربۆ خۆشتان بەوە بڵێن
کە ئەیەویٚ بێتەوەو
کێڵگەکان شاباشی هەزاری خۆی بکا...
خۆشەویستە،
یەکەم کەسە، لە دوای ئەوان،
ویستوویەتی فریای کاروانی
ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینەی
ئەم بەهارەمان بکەویٚو
لەگەڵ باران بێتە خواریٚو
حەزێك بە ڕووی پیرۆزیمان بنەخشێنیٚ...

**(دوو)**

ساتەکان پەیتا پەیتا

ڕەوتی ئارامی ئەبەخشن،

کەس لە ئێمەش

ئەرخەوانی ئەو گوڵەمان لا سوور نەبوو

کە چۆن؟

ئەو بوویە میوانی هاودەمی تەنیایی ڕۆح و

پرشنگی سەر گەڵا خوساوەکانی سپێدەو

مێشکی پاکی

بە پەڕاوێك لە ئاسوودەیی ڕەشکرا...

چۆن بەم پاکییەوە ڕابوێرین؟

چۆن بمانەوێ لەگەڵ شەودا سەنگەر بگرین؟

کە ئەوی تیا هاتۆتە بوون،

وەرە ئەی گوڵ،

ئەی چڵە ڕازی ڕیحانە...

چ ڕۆژێك بوو بڕیارت دا خۆت ڕەش بکەی؟

تا هەرگیز خۆزگەکانت نەوەرێ...

کەی تۆ ویستت؟

ماچی کێلی ئەم گۆڕە بکەی

کە ناوی شێخی لێوە ئەچکێ

هەر بۆ خۆی هەوڵی ئازادی من ئەداو

تەوەللا لە مەدرەسەی پیری مردوو ئەکاتەوە...

(سێ)

سەفەری پەپۆلە

دڵخۆشی بە باڵای گەل ئەبەخشێ...

ناوی دێتە ناو ئەوانەی بە دوای ئازادیدا وێڵن!

تا لە گزنگێکی ڕووناکا بیدۆزنەوەو

فریای خۆراکی ئەم ژەمەی

ساوایەکی هەتیوی خەن..

ئەگەر جارێ

گوێت لە دەنگو ئاوازێ بوو،

کە بۆنی ئاسوودەیی پێیە!

کە مەرهەمی سارێژی برینەکانە...

کە جەژنانەیەکی دڵخۆشی بنەماڵەیەکی هەژارە..

تەنها خۆیەتی...ئازیز،

کەسمان نەمانزانی

ناوی چی لێبنێین؟

ئەرقەم، یاخود ئەندێشەکانی مەلاو

نگریسەکانی ئەودیو جوانی...

بەهار، یان پاییزێکی حەزین؟

نیشتیمان یان کولانەیەکی سەرشێتی؟

هی ی ی ی ی مەحزووون...

من بە ناوی شەرمنترین مرۆڤەوە بۆت ئەنوسم،

خۆشەویستی، نوری چاوی ئازیزانی

مەحزوون مەبە
سەفەرەکان با هەر بە ڕەنگینی بمێنن،
با هەموویان
بە دوایی ناوچەیەکی خنجیلەوە بتلێنەوە،
نازانم چەندێك تێئەگەی!؟
زەوی،گەلێ فراوانە...
بەلاّم (کورد)م،
بۆیەش مالّم ، ئاوا بچووكو
وێرانە...

**(چوار)**

تەمەنێکە،
وێلّبوونی من
کەس لای شەرمی لێناکاتو
کەسیش هەولّی خۆی نەداوە، لێم بپرسێ
ئەو تاپۆیە،
کام ڕۆژەیان بنەماکانی جوانی هەلّداوە؟
بە بەرچاوی گەلێ ئازیزی شەرمنا
ئازیزترین ڕۆحی گولّی وەراندووەو
کردویەتیە قوربانی ئازادی ئەنفالێ...
مێژووی ئەو
تەمەنی ئەو
ڕەنگی ئەو

زۆر ڕەنگینە...!

زۆر دەمێکە بەردەوامی

بە لانکەکانی هیوا ئەبەخشێ...

ئەیەوێ بە تەنیایی

کەس کڵاوی خۆی هەڵنەگرێ!

کەس نەیەوێ

لە کەوێڵی حەزینیدا تەنیا بمرێ...

## ( پێنج )

ڕەشەبایەکی بەردەوام هەڵیکردو

لایەکی پەنجەرەکەمی شکاند...

کزەبا بوو،خۆی لە ڕێچکەکانی دڵ ئاڵاندو

نەیهێشت تاپۆ بێڕۆحەکان

گوێ لە پەیڤی ئەوان بگرن!

تا بۆ ئێمەش

بەردەوامی ڕەشەبای گێلی گەڵ بێت..

کەس نەیەوێ

کڕنووش بۆ مێژووی خۆی بەرێو

دەستەکانی تێر تێر ماچ کا!!!

ماڵت ئاوا گوڵم،

سەفەرت خێر...

کە تۆ ڕۆشتی،

لەگەڵ شەونمێ کەی هەڵئەکەی؟

تا داپیرەی بەر هەیوانێ
ماچی تەوێڵی تۆخت کا،
خۆشەویستیت بە بارانێ بنەخشێنێ،
کێڵگەکانی ئەو تێر ئاوکاو
نامەکانی ڕووخانی خەڵوەتو
ڕاوچیەکەی ئێوارەکەو
بنمیچەکانی ڕێگای دڵ،
بە جوانترین خۆزگەی ئەوین
موژدە بەدا..
ئەم ژووانەمان بە خۆشیەك وەرچەرخێنێو
ناسۆرەکانی دووساڵ
لە نغرۆبوونی چڵو سێ گوڵو
نوقم بوونی تاپۆیەکی هاوڕێیتریان
کە حەیاتی تەنها بوونی هیواکانی لیَوە ئەڕژا...
نەیئەهێشت،
هیچ (مرۆڤێك)
مافەکانی بفەوتێنرێو
فرمێسکەکانی بڕژێنرێ....

# هەورێك...تەنیا، یەك هەور...

زەمەنێکە

سەکۆی دڵم ناشۆمەوە،

تا نەبمە هاوڕێی باران...

زۆر دەمێکە،

چرای دڵم ناکوژێنمەوە،

تا نەبمە هانای گریان...

گەر پاداشتت لە من ئەویَ؟

لێرە نیە!

لە هەر جێیَ (هەور)ی لێبیَ،

ئەویش هەیە،

یەخەی بگرەو بیفڕێنە،

حەزی ئەوو دڵی ئێمە،

تێکەڵێکە،

لە (هەور) مان وەرگرتووە،

نە ڕەشێکی ترسناکەو

نە ئاوازێکی شەرمنی ساتیَ عومرە...

# بۆ هەڵەبجە،
# شاری خەونە ئەرخەوانیەکان...

چما....

ئەم حوزنە فراوانە،

چۆن دەربەدەری هەناسە کەین؟

چما...ئەم نازە بێنازە،

کێ هەڵیگرێ.....؟

ئەم ساوایە لێرە هەراسانی کردووین

وەرن بیبەن

ئەمە ڕەمزی گیرۆدەبوونی گەلێکە،

لای لایە...لای لایە...

کۆرپەی شیرینم لای لایە....

خۆزگە پەروانەیکی شەرمن ئەبووی‌و

بە چواردەوری هەناسەما ئەخولایتەوە !

خۆزگە ڕۆحێکی بەرین بووی‌و

شادیت لە ڕەنگی ڕووسپیم ئەنا،

کە هاتیە بوون،

خۆ بەهار بوو!

ئێستا کوا؟

وێنەی ژیان، سروشتو

نازی دایە هەموو ڕۆشتوون...

لە شارێکا بە جێماوم

هێمای ستەمدیدەیی گەلێکە !

ئەی ئێمە چۆن پێناسەی کەین؟

چۆن بوو ،کرا ؟؟؟!

ڕۆحەکانیان،

لە کام بستە خاکێك نێژران؟

ئەڵێن، پێنج هەزار پەپولە مردوون..

نازناوی (شەهید) لە شارێکیان پێوە نراوە!!

ئەڵێن، نا....!

بە چاوی خۆم دیومن...

پیاوێك،لاسکی شەرمی هەڵنابوو،

ناو نرابوو شەهید،

ئافرەتێك سەرپۆشی نازی کەوتبوو

ناونرابوو شەهید،

گەنجێك، کراسەکەی نوێترین بوو

ناو نرابوو شەهید،

کیژێك، تازە پرچی لوول درابوو

ناونرابوو شەهید،

ساوایەك، مەمکەمژە لە زاری بوو

ناونرابوو شەهید...

ئەمانە هەموویان شەهیدن،

بێناونیشان، نەناسراو،

بەتەمەنێك،بەسەر یەك بەیەكیانا ئەگەڕاو

ڕەنگی پاتاڵیەتی لێنیشتبوو،

بە شینێك، بە ئاوازێكی حەزین،

بە دەنگێكی بەرز هاواری ئەكرد،

دایە...وتیان (شەهید)،

بابە...

هاوسەرم، هاودەمی تەنیاییم،

كوڕم ڕۆڵەی شیرینم،

كچم ئاسودەی ئەوینم، ئەویش( شەهید)..

هەموویان شەهید...

هاواری عەشقیان كردو

ڕۆشتن و فڕین...

شارێكیان جێهێشت...شارێكی نوێیان بونیادنا...

یەكەم پێی ئەوترا (هەڵەبجە)

دووەم پێی ئەوترا (مەزار)،

لێرەشەوە، ئێمە لە ئاوارەیی گەڕاینەوە،

ناومانناـا

(مەزاری هەڵەبجەی شەهید)

شاری خەوی

پێنج هەزار پەپولەی بێتاوان...

# پرژێك لە ئەسرین...

کاتێ، بێچرپەی وەفایەك،
لە عەشقی تۆ ئەناڵێنم،
کاتێ بۆنی نێرگز ناکەم
یەخەم مەگرە
خۆ (بەهار)م هەر( بەهار) ە
گەر نەك پاییز، دەیان پاییز
بە دوای مندا خۆیان وێڵکەن!
ئەوەی من کردوومەتە (بەهار)،
ئەوەیە تۆی کردە پێگە..
ئەوەی من دەستیم زیارەت کرد،
کێلی گۆڕی شێخێك نیە،
دەستی پادشای گەورەش نیە،
بۆنی نەسیمێکە، لە سپێدە
بۆنی وەنەوشەیەکە لە باخ،
بۆنی خۆشی شەهیدێکە، بۆنی جێپێ یەکە لە شاخ،
وەرن وێڵ بن...
ئۆقیانووسی هیواکانمان قەد کەم ناکا...
چاوی مەملەکەتی وەفا قەد کز نابێ..
وەرن پێناسەی (بەهار)ێ کەین

(بەهار)ێ بێ،

شانزەی سێ بێ...

یان چواری سێو بیستو دووی سێ،

ئەو (بەهار) ەی لە لای ئێمە،

تەنها بۆنی ئازارێکە...

ئەو (بەهار)ەی عەشقی ئێمە ئەفرێنێتو

بە دوای خۆیا وێڵمان ئەکا...

لە دواییشدا،

لە (بەهار) دا سەرمان ئەخا...

# له چرۆی ساتێکی حەسرەتدا...

له پێشوازی پەروازێکدا،

له پەراوێزی ژیینێکدا،

له مەرقەدی ووشەیەکداو

له کەوێلی خلودێکا تێڕاماوم...

قوتار گرتووی بن سێبەری هەنارێکم

که پاییزێك

دەچکێته ناو دەمی وەهمو فێری

گەمەی گریان ئەبێ...

لاساییه، ئەمێستاکه،

ژاڵەی تاڵەو شیلەی چۆڕاوی دەم هەنگه،

یەك، دووو

سێ، ووشەمان ناسی،

بەڵام هیچیان واژووی ژینیان بۆ نەکردین

نەشیان سەلماند

که بیرۆکەی مێشکی ئەوان

چرایەکی کوژاوەیەو

مەتارەیەکی تەقیوی تەمووی غەمه

ئەمانەویست

لەم دەسپێکی ساتانەوە

چرۆی ژینیان پێبڵێن و

چرۆی دڵیان ڕازاوەیی و

گڵکۆی تەمەن، خاوەنمان بێ...

با تکا کەین...

# نازی ئەوین

ڕازی دڵـــم
ناگـۆڕمــەوە بـە هــەناســەی عــاشقی شــەو
چــونکە هــەناسەی هیواتە
بــەردەوام دێو ئەمکاتە خەو
کــاتێ بـــارانی چـــاوانت
تنـۆك تنـۆك تـــەرم ئـــەکا
لــــە حەسرەتی چاوەکانت،
چۆن چـاوانم بهێنمە خەوە؟
لێـم زیز مەبە
ئـەو سـاتانەی وەك مـۆمی ناز ئەتوێمەوە
بێنــازیمــە هـــانم ئـــەدا
وەنەوزەکـــان بنوێنــە خـــەو
ئـەی ئـــەوینـــی مـــیهرەبانــیم
عـــــەشقی دڵت ببارێنە
من بە بێ عەشق چۆن ڕێ بکەم،
کاتی دونیا تاریکە شەو
مـــاڵت ئـاوا هــۆ ئــــەزیزم
بــۆچــی نایێی بــە لامەوە؟
مــن لای لایــەم زۆر پێویستــە
لـەم شەوەدا بمکاتە خەو...

# زەڵم

جوانترین پێگەی ئاسوودەییم
هەواری حەوانەوەی تەمەنم
بە بارانی جوانی داباراێتە سەر ژیانم
بەخێر هاتی سەرچاوانم،
سەرچاوەکەم
تۆ، کلۆبەفری، یا قەمەری نیوەشەوێ؟
تۆ، شیری سپی کاریلەی،
یان دڵڕفێنی غونچەی گوڵێ؟
کە دڵۆپی خۆشەویستیت داباراندە سەر ژیانم
بە خێر هاتی سەرچاوانم،
سەرچاوەکەم
تۆ بێوێنەی،
لە ناخی لوتکە شاخێکەوە،
ئەچکیتە ناو دڵی چیا
تۆ شیرینی، خۆشەویستی
گەر بە هارێك زووتر هاتی
بەخێر هاتی سەرچاوانم،
سەرچاوەکەم

که ڕژایته شارەزوورم

که ئاژینی هەناسەکانت بۆ کردم

به خێر هاتی سەرچاوانم

سەرچاوەکەم....

**سەره ڕیٚ**

شەوی حوزن، سەر له مەرگم ناشیٚویٚنیٚ

بەردەوام دوای ڕیٚگه ئەکەوم

ئەو تەی ئەکا،

من بەردەوام ئەو تەی ئەکەم..

کەسمان وجوودمان له پانتایی حوزن نەدۆزییەوە...

خودایا...

ئەم برسیٚتیه ماندووم ئەکاو

به نیازه بممریٚنیٚ

خۆزگه دەکرا... !

خۆم فیٚر ئەبووم

به تەنیایی له کەنار کەوسەریٚکی دلٚڕفیٚندا

پیٚی بلٚیم

سەره ڕیٚم لیٚمەگرم، هاوڕیٚم به...

تەنیا مرۆڤیٚ بووی خۆشمویستی...

# لە ژێر چەتری موحیببەتدا...

مێژوو، باخۆی ئەم هەنسکانەمان بگەیەنێت
با خۆی هەوڵی ڕزگاری با
کەس نازانیٚ؟
چۆن ئەبینە تێڕامان؟
چۆن ئەبینە سۆراخ؟
چۆنیش ئەبینە ئەنجام؟
کە سپێدەیەك سوور هەڵگەڕا!
کە غروبێك شینی نواند!
کەس لە ئێمە ڕازی نابیٚ شوێنیان کەویٚ...
ئاخر ڕاستیەکان هەر تامەزرۆن،
تامەزرۆن سەفەری ڕۆح دەستپێبکەن...
لە باکوورەوە بۆ بن پەلی ئاواتەکان...
لە باشوورەوە بۆ سەرەگوڵکۆی ڕۆحەکان
هەنگاو هەنگاو بچرپێنن
بە گوێی هەژارە ڕەش هەڵگەڕاوەکانی ئێرە...
ئەو سەرکەوتنی پێیە
ئەیەویٚ لە گەڵ بارانێکی لێزمەدا
ڕۆحەکانمان بشواتەوە
تەختە ڕەشەکان پاك کاتەوە

به خەتێکی جوان بنوسێ
(ئاسوودەیی، خۆم دێمەوەو گوڵە ژاکاوەکان ئاو ئەدەم،
فیراق، باوی نامێنێ، کە خۆتان بەردەوام تامەزرۆم بوون...)...
پاسارییەکی چکۆلە
لەسەر جۆگەیەکی بەهاری
ئاوی پاکی هەڵئەنۆشێ،
مێرووڵەکان بەردەوام هاریکاری یەکترن،
مراوییەکانیش هەمیشە ڕیزەکانیان ئەپارێزن...
ئاااای بەهار....
کەی فریای ئازادیمان ئەکەوی؟
کەی ئەبیتە فریادڕەسی چیاکان؟
زەمەنێکی زۆر درێژە،
ئەوان بەردەوام سەرمایانە...
ئەیانەوێ بەرهەمی نوێیان پێشکەش کەن...
بۆنی خۆشی بپرژێنن...
زۆر تامەزرۆن، فریاکەوە...

# پێش وەرینی دەنکە هەڵاڵەکانی مەرحەبایی...

**"پێشمەرگە ماندوویەتی ماندوو ئەکا...!"**

"ئیدی بە هیچ کلۆجێك
خۆمان لە وەڵامی پرسیارە گوماناویەکان وون ناکەین،
چونکە پێش مان
ملوانکەیەکی مەرگ لە گەردنمان ئاڵێنراوە"...
وەرزی ڕۆحە،
هەموو لە خۆمان خۆمان ڕادێنین،
ئەلف و بێی باڵدار ئەنوسینەوە..
لە زیکرو تەهلیلەی شەوان ئەگەڕێینەوە...
ئێوارەیەکی دی دێ...لە دێ...
هەموو چاوەڕێی وەدی هاتنی ئاواتەکانی دێین،
ئەو ئێوارانەی هیچ کەسێکیتر نەینوسینەوە،
ئێوارەی چنینەوەی ڕازە سەختەکان،
چنینەوەی گڵێمێك لە دەنکە هەڵاڵەی مەرحەبایی‌و
کوڵاندنیان لە ناو مەنجەڵێکی ڕەش،
ڕەشتر لە ڕیحانەکەی بەر هەیوان،
دایکم منیشی لەوە تەژی کردووە،

پێش تەواو کولأنی دەنکە هەلاّلەکان
قۆڵینەکەی بۆ بێنمە پێش،
ئاوەکەی کە عەتری هیوایە لێداچۆڕێنێتو
ئیدی هەر خۆی
تلّپی دەنکە هەلاّلەکان ئەبەخشێتەوە
بەسەر منالّەکانی خۆیا..
هێشتا لە مالّئاوایی دەنکەهەلاّلەکان نەبوینەتەوە
کە مالّئاوایی ژیانێکی دیش دێتە پێش،
هێشتا لە حەقیقەت بە ئاگا نین
کەچی ئەبیّ کیسەیەکی دی
بۆ چنینەوەی مشت بە مشتی ئاواتەکان بدورین،
نەکسەیەکی دی لە گەلّ
هەموو مانو نەمانێکماندا دێت،
پێشمەرگەکانی خوا،
پەنجەکانیان
لەسەر پەلە پیتکە دانابوو،
پێشمەرگەکانی خوا،
بە ئاوە شلەتێنەکەی
کانیاوی بن سەختەکەی
وشکەناو دەستنوێژیان شۆرد،
دواییش گلۆر بوونەوەو
لە چەمە بەفراوەکەی خوارییان

تێر نۆشی...

پێش هەموو سەفەرێك

ئەوان خۆیان لەوە ڕاهێنابوو،

سەفرەی ئەم شاخانە سەختە،

تێرئاو ئەبوون،...

پیاوانی خوا،

زمزمەکانیشیان بیر نەئەچوو،

ئەوانیشیان تەژی ئەکرد،

دوایش

دوای پشتێنەکەی یەك ئەکەوتن و

ڕیز ڕیز هەنگاوەکانیان تەی ئەکرد،

ڕێکردنی ئەوان چەشنی

سازگاری سەفەری ئەبەخشی،

ئێمە لە منالّی خۆمانا

هەنگاوەکانی ئەوانمان

تا لە چاو وون ئەبوون ئەژمارد،

هەمیشە پێش هەژماری هەنگاوەکان

خۆمان بۆ خەوەکەشی دانابوو،

ئاخر ئێمەی منالّ هەر هێندەی

کەمترین ژمارەی هەنگاو

توانامان بەبەرەوە ئەما،

ئیدی لە خەوی سارە شەوا

به تەواوبوونمان ئەسپارد،
ئێستاش بە بیرمان دێ
هەمیشە بە لاقەدی هەموو
ئەو گەنجانەوە چەند دەنکە هەلاڵەیەك
دیاربوون کە عەتراوەکەشیان
بە کەتافیە خاکیەکانیانەوە
بۆنی بەو نێوەندانە ئەبەخشی،
لە موسافیر بوونی ئەمجارەمانا
بە تەنیشت چەند پەپولەیەکەوە
دەنکە هەلاڵەیەکم هەلگرتەوە
کە لە چەمەکەی وشکەناو
شۆفێرێکی سەنگدڵ بە تایەی
ڕاستی ئۆتۆمبێلەکەی توند توند
سەروگوێلاکی شێلابوو...
ئەوەش پێش ئەو کاتە بوو
بگەمە کن ئەو تاوێرە سەختەی
بە خەتێکی جوان لەسەر نوسراوە:
"پێشمەرگە،
ماندویەتی ماندوو ئەکا...!؟"

# شەوێك هەر خۆمو تەنیا ...

**بۆ هاوڕێم ..."وەرزێك لە تەنیایی"**

چ ئێوارەیەکی حەزینە هاوڕێ
نە من توانای خۆ خاڵیکردنەوەم هەیە
نە تۆ لە شەڕی ئەهریمەن دێیتە خوار
وانابێ...بڕۆ
تۆش جێمدێڵیو
بە تەها خۆمو خۆم ئەمێنمەوە
ئاخر تۆش
وەك خۆت  قەد لە خۆت تێنەگەشتووی
تا تەژی بە عیشقی منیش بی
سافیرەی عیشقێ لێئەدرێ
بە تەنیا تەنیایی دایگرتووم
نازانم بڕۆمو بەشێك بپچڕێنم
یان وەك هەمیشە بە بێ عیشق
خەوی سەر سەرینەکەم خاڵی بکەمەوە
هەرگیز ئەو ئێوارەیەم بیر ناچێ
ڕەشتر لە خۆت هاتی،
پیرتر لە خۆم لێت ڕوانیم
دیسانیش من لە خۆمم بوو

تۆش لە خۆت بووی
پێناچێ بیرت چوو بێ
ئاخر لە خۆمم بوو لە گەڵ تۆ
لە گەڵ تۆم بوو لەگەڵ خۆم
سەر لە ناخی خۆم دەرناکەم
لەگەڵ تۆمە یا لەگەڵ خۆم
ماڵێك لە تەنیاییم بۆ ماوەتەوە
پاسارییەك لە بنهەنگڵی عیشقم
هەناسەیەك هەر بۆ خۆمو
مانەوەشم هەر لەگەڵ خۆم
سەرینەکەم زۆر ئەمدیو ئەودیو کرد
چەند جارێك بە فرمێسکی چاوم خوسا
حەشاماتێ خەم بینی
دیسانیش هەر خۆم مامەوە
پێئەچێ وەرزی پاییز بێ
کە زەردتر لە جاران وێنات دا
پاڵتۆکەت هەر لە سەر شان بوو
تورەکەیك بە کۆڵتەوە
هێندەی نازاریت لێت پاڕامەوە
مشتێك لەو کۆڵەت پێنەیام
وتت خاتری تۆم لایە
ئەگین ڕقم بۆت ئەباراندا

پێەچێ

بەدیلی ئەو عیشقەت یابێ پێم

کە چەندجارێك سەرم لێدای‌و تۆم نەبینی،

چەند ئێوارەیەك بە کۆڵانەکەتانا تێپەڕیم

تەزبیحە قەزوانیەکەم بە دەرگاکەتانا نەخشاند،

تۆ تەزبیحەکەت لە گەردنت ئاڵاندبوو،

بۆیە هەرگیز نەمتوانی بێمە ژوورەوە

لەو دڵەی بۆ منت نەخشاند

زۆر توورِە بووی لە خەویشما لێت ئەترسام

ڕەشتر لە هەمیشە وێنات دا

قسەکانت گەرمیانیتر دا ئەباراند،

زۆر تورِەبووی

قامچی دەستت چڵێ نێرگز

بۆنی بەر پێت

لە نێرگزی دەستت ئەچوو

سەرسورِمانە

چۆن بە پاییز؟

نێرگزی عیشق گەڵا ئەکا

خۆی ئەنوێنێ‌و

بۆن ئەپژێنێ

قامچیەکەم تێر تێر کرد ماچ کرد

لە گەورەییت نەهاتیە خوار...

پرخەی خەوی یەکەم تەواو،
نۆرەی حەزینی دووەمە،
سێیەمو چوارەمیش هەر خەو بوون
هەمووشیان هەر تۆ خۆت ئەنواند
وەرزی عیشقت قەد نەگۆڕا،
هەموویان هەر پاییز بوون
ئەوەی گۆڕا تەنیا خۆت بووی،
بەفر باری.. دەمە هەڵ بوو،
پاڵتۆکەت توند لە خۆت نوساند
دونیا سەرتاپا سەوز بوو
وەرزی گوڵو گەڵاکان بوو،
تینووتر لە جاران هاتیو
ڕەمەزانت لە خۆت نەخشاند...
لە زەردی دونیاشا هەر زەرد بووی
دروێنەی عیشقی خۆت ئەکرد
گلەیی بێ هاوڕێی تەنیا
لەم شەوەما چەند جار هاتیو
هەمیشەش هەر تەنیات خستم
تەنیاتر لە جاران ...تەنیا...

# بەرماڵی جاجمین

ساڵێوەن، گرد گەشتیاریٚ
هەر گێڵۆوە یاگەی جاران،
من پەی دیەی چەمەکاو تۆ
ئازیز، دڵم شینو وەیلان...
ئەدا
ئەی وەشەویسەو دڵیم
باوەڕ کەرە بیٚ تۆ نەبۆ
نیا جەلام،
نەمەن، بارکەردەن هەوار
یاگەی پیریم..
خەفەت واردەن، واتەن بە دڵ
کەس نەمەنۆ چی کاتەنە غەیرو گوڵیم،
کە گێڵای تۆ وردە وردە
مەژگو منت ئاساو کەردەن
ئانە کە گرد کاتیٚ
پەی سازێوە نەو وەهارا
وتەن وە ڕۆح دڵ گوڵ کەردەن،
وەشیت باهەر دڵ وێش بەرۆش
من جەلاو تۆوە ئامانی،

ئەی ئەدام...

ئەی وەرواوەو چەمەکاو من

ئەی تەوەن نماو ئی فەرزەییم

کە سوجدەم بەرد سەرو تۆوە

وەشی وێشەن گرد کاتێوە،

بیەن بەرماڵۆ مەتییێەوە،

بە مانیای گرد گیانێوەش

بە وەهاریۆ تەمامش کەرد

جە جاجمی..

# هەناسەکانی بەرباران...

**بۆ" تۆ" ،کە هیچ کەس بۆنی" تۆ" نادا،**

هەناسەکەم ،
خۆشەویستیم بەرگەی گریانت ناگریَ
بۆ ئەتەویَ خۆشم نەویَی
کاتیَ دلّم بەرگەت ناگریَ،
من عاشقی بارانیَکم
لە چاوانت دیَتە خواریَ...
هەر چی جوانی چاوەکانته
لە ئاسمان بۆم ئەباریَ...
عاشق بە پەڕەی گولّ مەبە
کاتیَ جوانی لیَوە ئەمژی
ئەی نازانی...!
منیش جوانیم
لە چاوانی تۆوە ئەمژی...
خۆشەویستیم لیَوانلیَوە لە پاکیەتی
کاتیَ کە لیَت دیَمە پیَشیَ...
لیَم ڕامەکە ئەزیزەکەم
نەرم نەرم دیَمە پیَشیَ...
بیرت نەچیَ کە منو تۆ

نازەنین بوو گەورەی کردین،

ئەی بۆ ئێستا لێك جودابین؟

کاتێ ژیان ڕێی پێگرتین...

# ڕەنگین بە زامی تەنیایی...

شۆڕەبی یەك

ڕەنگی گوڵێ لە خۆی ئەنێ

باوەڕ ناکەم شۆڕە بی بێ

لەوەتەی ئەوم ناسیوە

پاکێتی عیشقی پێوەیە

بۆیەش ئەڵێم

هەتا ماوم خۆشم ئەوێ

# یادی گوڵێ..

با هارەی ئاشی ئەم عیشقەم
با کلیلی ناو قوفڵی دەرگای دڵ
با نێرگزی میهرەبانیت
باوەشی ژیین بکاتەوە،
کە من ڕۆشتم تامەزرۆبوون
ئاسەوارێك بۆ خۆشیەکان بە جێدێڵیو
هەوڵێ ئەدا،
بە دەستی خۆی بمخاتە ناو ئینجانەی دڵ
کە بەهارێك زەرد هەڵگەڕا...
کە هاوینێك دەمە هەڵ بوو
دەرگاکانی دڵ دامەخە!
ئەوە من نیوەشەوێ
تامەزرۆی دیتنی ڕووتم
تا لە ساردی شەوی یەڵدا ڕزگارم بێ،
تا لاچاوی ئەو مرۆڤە فرمێسك نەڕژێ
کە خۆشی ژیینی ئەدامی،
کە هاتیتە باڵکۆنی دڵ
تۆ قەڵایتو منیش گووە،

دڵنیابە

گەر سەد عومریش لە تۆ دووربم

تامەزرۆتم وەك پەپوولە،

بۆ نەغمەی گوڵ،

وەك بولبولێ بۆ  باڵای چڵ

خۆشەویستی،

یەکەم مرۆڤی تەمەنی،

شادی ئەڕژێنی بەسەرما

ئەبیتەهۆڵی ژووانو

تەختەڕەشی میهرەبانیم سپی ئەکەی...

# لە منی مرۆڤەوە...
# بۆ تۆی نوێ مرۆڤ

شەونمی
گەرشگەری نوێ ژوانێك
ئەم هەنسکەم پێ ئەخولقێنێ...
کەس لەم عیشقەم سەر دەرناکا!
کەس ناتوانێ ناوی بنێ
(عیشق)ێکی ئەبەدی
یان لە پێخەفی بێنازیدا نوستن
وەرە هاوڕاز...
با بە تەنیایی
ئەم ڕازەت بۆ بدرکێنم...
منو تۆ
کەی سۆراخی ئەوان بکەین؟
تا لە سێبەری چاوەڕوانیدا
بەستەڵەکی فیراق بتوێنینەوە...
خۆ منو تۆ
تا ئەم ساتەش نەمانتوانیوە
لە دەریای بێوەفایدا بپەڕینەوە...

تا فرمێسکی شەرم لە چاوانمانەوە نەڕژێن،
هێدی هێدی
لە پاکەتی بەردەممان ورد ئەبینەوە،
لێی نوسراوە ستاندارد...نا...
پەنجەرەیەکی داخراو
هی ی ی ی...مەحزووووون
کوان ئەو هەنسکانەی
بە هەنسکی
نیگاکانی شەونخونی تێر ئاوکران؟
کوان
ئەو پەپولانەی بە تەواوەتی
خونچەی گوڵێکیان نەمژی..؟
خۆ خەنساکانی میحراب تەنیا نین و
بە تەنهاییش لەسەر سیستمی جوانی
خەو لە چاویاندا هەڵنایە...
وەرە...با بە وردی لەم شەوە دەیجورەدا
سکاڵای حاڵی یەکتر کەین،
من ئەڵێم:
مەرحەبا شنەبای ئاسودەییم،
چاك یادمە
هەرچیت ئەوت، یان ئەمانکرد
لە دەفتەری یادگاریەکانما تۆمارم کردووە...

ئێستا بۆ جریوەی بولبولەکانیشمان
هەر زویریان لێئچۆڕێ...
تۆ بڵێ:
مەرحەبا ڕاستی
وەرە با خەمەکانمان وەلا نێین
ئاشتی بڕوێنین
تا بۆ ئەم وەرزی بەهارە
گومان نەبێتە خەزانێکیترو
چیای ژینمان دابڕمێنێ
تا خەونە ئەرخەوانیەکان
نەبنە وەهمێکی حەزینو
لە نوێ ساتی نوێ بوونتدا بتگریەنن،
بە تەنیایی‌و
بەس خۆت وەرە،
تا بۆ ئەم ژوانی ئێوارەیە
وێنەیەکی سەرشێتی غروبت پێشکەش کەم،
چرای ڕازت داگیرسێنم...
بۆ دوا شەوی ماتەمیمان...

# وێنات ئەکەم ...

چاوەکەم،

وەك چۆن چرا چاوەڕوانی ئێوارەیە

تا چاوەکانی کاتەوە....

من چاوەڕێی چاوی چرام

تاکو بێتو

چرای چاوم بکاتەوە...

# بەرگە ناگرم

گەرچی لەسەر بانێکی دوور
دوورتر لە چاوی تۆ نوستووم
بەڵام هەر لای ئازیزانم
کە لای چاوی ژیان نوستووم...

# ژیان بەشی دوو مرۆڤ ناکا...!

مەشخەڵەکانتان هەڵکەن

تا لە تاریکی ئەم شەوەدا وون نەبن،

چەترەکانتان هەڵکەن

تا بارن بە نوقم بوونتان نەسپێرێ،

هیواکانتان نوێ کەنەوە

تابۆ عیشقی ئێوارانی

کورتە ڕازتان پێبمێنێ،

ئەلوەداع لە بوونی خۆتان ئەکەنەوە

کاتێ ناتانەوێ

لە هەناسەکانتانا بۆنمان هەڵمژن،

ئێمە عاشقین...

عاشقی پاییزو گەڵاڕێزان‌و باران،

چونکە لە غوربەتمان بەئاگا دێنن

لە دووی ئێوە هەمیشە غوربەت

گۆبەندێکەو

لە گەردنمانەوە دەئاڵێ...

نامانەوێ ڕقمان لە غوربەت بێتەوە،

ئاخر وەك چۆن لە غوربەتا لە دایك بووین،

ئاواش ژیان بە غوربەتمان ئەسپێرێ...

له پریاسکه‌ی پڕ جه‌وری خه‌فه‌تباری ئه‌م عیشقه‌دا

خۆشی ناڕژێ،

ئه‌ستێره‌كان پرشنگ ناده‌ن...

ڕووناكییه‌كان ئه‌گرنه ئه‌و غروبه‌ی،

په‌پوله‌یه‌ك باڵه‌كانی ئه‌قرتێنرێ،

ئه‌سوتێنرێ...

ئه‌رێ نه‌سیمی پڕ غوربه‌ت..

كام سه‌با بوو ؟ ژیان لێره

فه‌نتازیایه‌ك له جوانی بوو...

لایلایه‌یه‌ك له دایكمو بۆنازی ئه‌و

چوارگۆشه‌یه‌كی بۆ ژیان پێكهێنابوو،

ده‌هرێكه له خه‌و ڕاپه‌ڕیوین،

گۆنای ڕووناكی ماچ ئه‌كه‌ین،

له زه‌نده‌قی تاریكی ڕامانكردووه،

هه‌ناسه‌یك بۆ بێدری ئه‌ده‌ینه‌وه...

ژیان وایه‌وو ئاواش ئه‌بێ..

دونیا لانكه‌ی میهرمانه كاتی دیدار،

دونیاش گۆمی بێنازیمان قوڵتر ئه‌كا،

كاتی فیراق...

ئه‌مه ئاشوبی مردنه، یان

بێمیهری سۆزی دڵمان؟

(چه‌ك) چه‌نده نغرۆی سته‌م بێ...

هەزار هێندەش نغرۆ تاوان،

(شار) چەند هێندە لەگەڵ کۆڵان بەینی هەبێ،

هەزار هێندەش لە گەڵ ڕێبوار،

(شاخ) چەندجار قاچی پێشمەرگە ماچ بکا،

هەزار هێندە هی بەردە نوێژ....!

ژیان لە وانەکانی ژیانا

تەنها ئازار ئەڵێتەوە،

چاوەڕوانین،

سەر لە نازی ژیان مەکەن!

بێناز مەبن،

ئم دڵەی ئێمەتان بیر نەچێ،

بەناز وەرن،

تا گەورەتر لە چوارگۆشە سوورەکەمان

دەروازەی ژیین والاّ بکەین

بۆ دیدارتان،

خۆ وون مەکەن،

بە نازی ئەوین بە گوێتانا ئەچرپێنین

تکایە لێمان زیز مەبن،

ژیان بەشی دوو مرۆڤ ناکا...!

# پاسارییەکان

(١)

با دێ، باران دێ
سەگەگە حەو حەویەتی و
دار گوێزەکان نرکەیان دێ

با توندە،
ئێرە هەرگیز بەفری لێنایێ
باران دێ و
شەقامەکان ئەشواتەوەو
منداڵە هەژارەکانیش
ئاوەڕووت دەکا

با دێ ... باران دێ و
تەنها تۆ نایەیی
ئاها لە خەیاڵ
تۆیەکم بۆ خۆم سازاندووە!

با، باران، تۆ و خەیاڵ
میسراعی دوو بەیتەکە تەواو ئەکەن

(٢)

ئاسمان دەنگی دێ
بۆنی دارسنەوبەرە تەڕەکە
رۆژە رێیەکە
کزەی با،
تەقتەقی خستۆتە نایلۆنی پەنجەرەکە
پاسارییەکە بێناز،
خەمی تکە، پیرەژنە تەنیاکەی تاساندووە
ئەترسێ ئەمشەو
سەقفەکە بەسەریا بروخێ
رووناکی چراکەش ئەداتە ناو گۆزەکە و
وێنەیەکی شێواو
ئەخاتە سەر دیوارە سواغدراوەکە
بیرم هەر لەوێیە
بەڵام بێترس!
خۆ باران هەر دەبارێ !

(٣)

زنجیری جانتاکەم بۆ نابەسترێ
هەمووی بۆتە ئاوەدانی
یەکێ سەرما بردوویەتی و
یەکێ گەرما
مەحشەرێکە،
بێدەنگیت دەس ناکەوێ !
ئەو دڵی
هەزاران فرسەخ کون کونە
کەچی بایی مشتێ رووپیە
دونیایەک بێدەنگی لێئەکرِی
دڵی ئەو بێدەنگییە!

-٤-

دەستئاوەنەکە
توندتر دەکێشێ بە ناو ئاوەنەکەدا
گەنمەکان
لە پێستی خۆیان دێنەدەرێ
لۆچەکانی دەموچاوی
هی بێدارییی
هەزارو یەک شەوەیە
فەقیانە،
دەستپێچکە،
رەنگی جوان

بۆنی پێکانی لە مێخەکە!

(٥)

فیلمەکە
چەند خولەکێکی ماوە
بۆ کۆتایی
مژی کۆتایی
لە جگەرەکەی دا،
تۆش دوا قومت
لە شەرابەکەی دەستت نۆشکرد
دەنگێک
هەردووکتانی راژەنی،
"منداڵەکە !
فریای کەون،
منداڵەکە نەوتەکەی خواردۆتەوە "
جگەرە،
شەراب و
نەوت ...

حەکایەتی سوتانی ژیانن!

(٦)

جریوەی باڵندەکان
سەمای
گەڵازەردەکان و
پێهەڵگرتنە
هیواشەکانی تۆ
باخەکەیان
پڕ کردووە لە ئاواز

چپسێکی پاکەت سەوز،
کورسییەکی دوونەفەری و
تەنیا خۆت

ئێوارەیەک
رەنگین بە زامی تەنیایی !

(٧)

زەڵم هەرایەتی
دایکم
نانەکەی دەستی
دا بە ساجەکەیا
خاڵم
دوایین گوێزی
خستە خوارەوە و
تا ئەژنۆم،
سارد سارد،
گوێزەکان ئەچنمەوە

ئێوارە وەختی شارۆیە
ئاها کاکڵەی گوێزە شکاوەکەت
خستە ناو هەنجیرە وشکەکەوە!

نیشتیمانێک ئیتر خاڵی لە تامی ژیان!

(٨)

چرا .. ئاو
تینویەتی ئەخنکێنین
ئەبینە ڕێگا,
روبار ,
پرد
ئەبینە سەرا
ئازادی ئەڵێینەوە

شەوێکی هاوین
گەرما,
ئەبینە گۆزەیەکی فێنك
قاچ ئەخەینەوە
ناو سیروان
ئەو ریگەیە ئەبێ تەیکەین

" کەسێ نیە؛
وەرە ژیان بدزین،
ئەوکاتە
دابەشی
دوو ژوانی بکەین " ❊

❊ دێڕێکی سوهرابی سپهری

(٩)


فرسەخێک دوورتر
له ماڵەکەی
کۆتربوون،
فڕین ...
پیاسەیەک
تا وێستگەی شەمەندەفەرەکە
نەرمە بایەک
دەستێ بە قژیدا دێنێ

بیست میل ئەولاترە
دەستی کردۆتە چەتری چاوەکانی

دووری،
فڕین،
چاوەڕوانی و ...

" پێ بزانێ یا نەزانێ
من بە دڵ یادی ئەکەم "*

* دێڕە شیعرێکی مەحوی



# Momen Zellmi's Poetry

۲۰۰۸